### ڕاژان حەسەن یاریزانی بادمنتۆنی یانەی ئافرۆدێت:

# هیوادارم ببمە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان

**چاودێرانی وەرزشی جەخت لەوە دەکەنەوە کە یاری بادمنتۆن ئەو ئاستەی نییە لە شارەکانی کوردستان کە جێگای دڵخۆشی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین یاریزان هەیە بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە لەم یارییە دەڕوانن، بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرەوپێشچوونی یارییەکەدا ڕۆڵیان هەبێت، بەڵام نەکردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی یاریزانەکان سارد دەکاتەوە لە یاریکردن. ڕاژان حەسەن لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ ـە لە شاری ڕانیە و قوتابی ماستەرە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە زانکۆی سلێمانی و کچە یاریزانی یاری بادمنتۆنە یانەی ئافرۆدێتە لە شاری سلێمانی و لە بەرنامەیدایە ئاستی ئەم یارییە زیاتر بەرەو پێش ببات. ئەو وەرزشوانە لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە لە یانەی ئافرۆدێتە و ئەندامی لقی سلێمانی یەکێتی بادمنتۆنە و بۆ ماوەی چوار ساڵ بەشداری چەندین خولی ڕاهێنەریی کردووە، لەسەر ئاستی عێراقیش بە ناوی هەڵبژاردەی سلێمانی و یانەی ئافرۆدێت بەشداری چەندین خولی کردووە و ئەنجامی باشی بەدەستهێناوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

کارزان کانەبی




***ئاستی یاری بادمنتۆن لە کوردستان و عێراق چۆن دەبینی؟**

-ئاستێکی باشی هەیە لەسەر ئاستی عێراق یاریزانانی کورد بەتایبەتی کچان هەمیشە لە هەڵبژاردەی عێراق خۆیان دەبیننەوە، یارییەکەش لە کوردستاندا لە (١٠)ساڵی ڕابردوو بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لە ئاستی کچان، ئەمەش بۆ هەوڵی سەرۆکی یەکێتییەکە و یانەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە کە گرنگی بە یارییەکە دەدەن.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بێگومان کاریگەری زۆر خراپی دەبێت، چونکە یاریزانان لە ڕێگای خولی بەردەوام و ڕاهێنان پێشدەکەون، ئەگەر خول نەبێت، پێشکەوتن نابێت، بەدڵنیاییەوە ئەوەش قسەی من نییە، زانستی وەرزشی وا دەڵێت.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری بادمنتۆنی کچان زیاتر بەرەوپێش بچێت؟**

- یانەکان گرنگی بە یارییەکە بدەن و پشتگیری بکەن، بەتایبەتی ئەو یانانەی کەوا باری داراییان باشە و شوێنی یارییەکەیان باشە، بەڵام بەداخەوە هیچ یانەیەك شوێنی تایبەتی بۆ ئەم یارییە نییە.

***ئایا گرفتی وەرزشی بادمنتۆن تەنیا نەبوونی شوێنە، یان کێشەی دیکەشی لە کوردستان هەیە؟**

-خۆتان دەزانن ئەم یارییە جگە لە نەبوونی شوێن کێشەی دیکەشی هەیە، ئەم وەرزشە پێداویستی دەوێت، پێداویستییەکانیشی تایبەتن و گرانیشن. واتە وەکو یارییەکانی دیکە نییە، هەر لە رووی جۆری یاریگاکان تا دەگاتە رێکت و تۆپ و جلوبەرگی دەبێ ئەسڵ بێ، چونکە جلوبەرگی تایبەتیی خۆی هەیە، جگە لەوەش نەبوونی راهێنەری تایبەت بە یارییەکە کێشەی گەورەیە.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-ئێمە جاری وا هەیە لەسەر گیرفانی خۆمان بەشداری پاڵەوانییەکان دەکەین، ئینجا گرێبەست.

*** وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

- خەونم زۆرە، ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە وەرزش و بەتایبەتی یاری بادمنتۆن دابینکردنی شوێنی گونجاو و پێویستە بۆ یارییەکە و دروستکردنی بناغەیەکی پتەوە بۆ یارییەکە لە هەردوو رەگەز لە منداڵی و قۆناغی سەرەتاییەوە دەستی پێ بکەین، شتی تریش زۆرن ناوترێن، چونکە هێشتا لە هەرێمی کوردستان باری دارایی باش نییە.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن بۆ ئەوەی یارییەکە زیاتر بناسرێ؟**

-بۆ نا، باشتریشە، بەڵام ئەو راهێنەر و یاریزانە لە خزمەتی نەوەکانی خۆشمان بن، نەك تەنیا بۆ ناو بێت. من پێم باشە لە وڵاتی مالیزیا و چین و ئەندەنوسیا راهێنەری باش بهێنن و بناغەی باش بۆ یارییەکە دابنێن.

***چۆن بوو یانەی ئەفرۆدێت هەڵبژاردووە؟**

-لە بەر ئەوەی سەرۆکی یانەکە مامۆستا و هاورێم بووە و حەزم کردووە خزمەتێکی بچووکی ئەوانیش بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا شاری سلێمانی لەم یارییە پشتگوێ نەخەین، هەرچەندە خۆشم خەڵکی رانیەم.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-لە ئێستادا ناتوانین هیچ بڵێین، چونکە دەمی هەر بەرپرسێکی وەرزشی دەکەیتەوە، دەڵێ پارە نییە، لەبەر ئەوەش هیچ ناوترێ و باشترە با قسەی زل نەکەین، چاوەڕێی باشبوونی دۆخەکە دەکەین.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی وەرزشیم بەدەستهێنانی بەرزترین بڕوانامەی وەرزشییە کە ئێستا قوتابی ماستەرم لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی، ئاواتی منە قوتابخانەیەکی بادمنتۆن بکەمەوە و ببم بە سەرپەرشتیاری ئەو قوتابخانەیە و بتوانم چەند رۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە بەم یارییە ئاشنا بکەم کە ئێستا بەرەو دەوڵەت بوون دەچین دەبێ ئامادەکاری بۆ هەموو شتێك بکەین.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-لە ساڵانی پێشووتر پاڵاوتنەکانی یاریزانان بۆ هەڵبژاردنی یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان و عێراق بووە، جارێکیش بۆ هەڵبژاردەی عێراق پاڵێوراوم.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-کارولینا مارینی ئیسپانی.

***هەستناکەی ئەم یارییە لە هەموو روویەکەوە زۆر گرنگیی پێنەدراوە؟**

-بەڵێ، دەتوانم بڵێم کەمتەرخەمی لەسەری سەرەوە تا خوارەوە هاتووە لەم یارییە و پشتگوێ خراوە لە هەموو روویەکەوە، هۆکاریشی یانەکانن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان هیوادارم کوردستان ببێتە خاوەن دەوڵەت کە خەونی باب و باپیرانمانە، هیواداریشم ببم بە راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان و خزمەتێکی باشی یارییەکە بکەم، لە رێگای خوێندنەکەمەوە خزمەتێکی بچووکی یارییەکە بکەم و بتوانین پاڵەوانیەتی ساڵانە رێکبخەین لە پاڵەوانیتیەکانی دەرەوەش بەشدار بین.



# مارادۆنا دوو نهێنی ئاشکرا دەکات



دییگۆ ئەرماندۆ مارادۆنای ئەرژەنتینی و ئەفسانەی تۆپی پێی جیهان باس لە تەکنۆلۆژیای نێو گۆڵ دەکات و بەپێشکەوتنێکی گەورەی تۆپی پێی دەزانێت.

لە لێدوانێکیدا بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی فیفا مارادۆنا گوتی: ئەگەر لە ساڵی ١٩٨٦دا تەکنۆلۆژیای نێو گۆڵ بوونی هەبووایە، ئەو گۆڵەی بەرانبەر هەڵبژاردەی ئینگلتەرا تۆمارم کرد بە دڵنیاییەوە ڕەتدەکرایەوە، بەلێدانی دەست تۆپەکەم خستە نێو تۆڕی گۆڵی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و ناوبژیوانی یارییەکە نەیبینی.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا باس لە مۆندیالی ساڵی ١٩٩٠ی ئیتاڵیا دەکات، کاتێک گۆڵێکی تر بەدەست لە دژی هەڵبژاردەی یەکێتی سۆڤیەت تۆماردەکات و بەهەمان شێوە ناوبژیوان نایبینێت و گۆڵەکە هەژمار دەکات، هەربۆیە مارادۆنا دەڵێت چانسم هەبووە لە دوو کاتی جیاوازدا گۆڵم بە دەست تۆمارکردووە، بەڵام ئەگەر تەکنۆلۆژیای نێو گۆڵ بوونی هەبووایە ئەوا ناوبژیوانی یارییەکە ڕەتیدەکردەوە.

لەکۆتایی قسەکانیدا ستایشی ئەو پێشکەوتنانە دەکات و دەڵێت تەکنۆلۆژیا خزمەتی گەورە بەتۆپی پێ دەگەیەنێت.

# چیچاریتۆ گەڕایەوە خولی ئینگلیزی




یانەی وێستهام یونایتدی ئینگلیزی لەسەر پێگەی فەرمی خۆی ئاشکرایکرد، کە توانیان گرێبەست لەگەڵ خافییر هێرناندێزی مەکسیکی و یاریزانی یانەی بایرن لیڤەرکوزنی ئەڵمانی مۆربکەن.

بەگوێرەی ئەو یانەیە چیچاریتۆ بە گرێبەستێك، کە بڕەکەی ١٦ ملیۆن جونیەی ئیستەرلینییە ڕووی لە یانەی وێستهام کردووەو ماوەی گرێبەستەکەش سێ ساڵە.

هەفتەی ڕابردوو چیچاریتۆ ڕووی لە لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرا کرد بۆ تەواوکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی، کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە.

چیچاریتۆی هێرشبەری مەکسیکی لە کۆی ٥٤ یاریی لە خولی پلە یەکی ئەڵمانیادا ٢٨ گۆڵی تۆمارکردووە، پێشتریش لە خولی نایابی ئینگلتەرا لە کۆی ١٠٣ یاری ٣٧ گۆڵی تۆمارکردبوو.



# رۆناڵدۆ دوا بریاری خۆیدا

کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی و گۆڵکاری یانەی ریاڵ مەدرید لەسەر جێهێشتنی ریزەکانی یانە ئیسپانییە بێدەنگی شکاند و نوێترین لێدوانی لەو بارەیەوە بڵاوکرایەوە.

لە لیدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی رۆناڵدۆ گوتی: وەرزی رابردوو چەندین نازناوی گەورەم بۆ خۆم و یانەی ریاڵ مەدرید بەدەستهێناوە، دووبارەکردنەوەی ئەو دەستکەوتانە کارێکی خراپ نییە و جێگای شانازییە.

کریستیانۆ رۆناڵدۆی گۆڵکاری یانەی شاهانە دووپاتیکردەوە، کە ریزەکانی ریال مەدرید جێناهێڵێت و بەردەوام دەبێت بە درێسی مەدریدییەکانەوە.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا بۆ رۆژنامەی مارکای نزیک لە یانەی شاهانە کریستیانۆ دەڵێت: بۆ وەرزی نوێ بەرگێکی تر دەپۆشم و هەوڵی گەورەتر و جدیتر دەدەم، چونکە تۆپی پێ بەلای منەوە سەرنجراکێشەو هەموو ژیانی منە.

دوای ئەوەی دادگای ئیسپانیا بەنەدانی بڕی ١٤,٧ ملیۆن یۆرۆ باج بەو وڵاتە رۆناڵدۆیان تۆمەتبار کرد، دەنگۆی رۆیشتنی ئەو ئەستێرەیە لە خولی ئیسپانیا بڵاوبووەوە، بەڵام کرستیانۆ لەم دیمانەیە هەموو پرۆپاگەندەکانی رەتکردەوە و مانەوەی خۆی لە یانەکە دووپاتکردووە.




# مانچستەر سیتی
# ژمارەی پێوانەیی تۆمارکرد

یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی ژمارەی پێوانەیی لە گواستنەوەی یاریزاناندا لەنێوان یانەکانی پریمەرلیگدا تۆمار دەکات .

مانچستەر سیتی گرێبەستی لەگەڵ بنجامین مێندی یاریزانی یانەی مۆناکۆ مۆرکرد، کە بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵیش نرخی گرێبەستەکە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن پاوەندە و بووەتە گرانترین بەگریکاری جیهان .

بە واژۆکردنی ئەو گرێبەستە یانەی مانچستەر سیتی بەربەستی ٢٠٠ ملیۆن پاوەندی تێپەڕاندوو تەنیا لە هاوینی ئەمساڵدا ٢٠٣,٨ ملیۆن پاوەندی لە گواستنەوەی پێنج یاریزاندا خەرجکردووە .

جێگەی باسە تیپەکەی گواردیۆلا لەهاوینی ئەمساڵدا هەریەکە لە بێرناردۆ سیلڤا و بنجامین مێندی لە یانەی مۆناکۆ و کایل واڵکەر لە یانەی تۆتنهام و دانیلۆ لە یانەی ریاڵ مەدرید و ئیدیرسۆنی لە یانەی بەنفیکاوە بۆ ریزەکانی گواستووەتەوە.



# وەرزشکاران دەنگ بە ریفراندۆم دەدەن

دوای ئەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان رۆژی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان دیاریکرد کە بڕیارە لە ٩/٢٥ی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت، لەئێستاوە کوردستانییان بۆ ئەم رۆژە گرنگە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی خەونی لەمێژینەیان لەم رۆژە چارەنووسسازەدا دیاری بکەن، ئەوەش بۆ هەموو کوردێك خاڵی وەرچەرخان دەبێ، چونکە لەم رۆژە بڕیار لەسەر خەونە لە مێژینەکەیان دەدەن کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە، گەلی کوردیش زیاتر لە سەد ساڵە خەباتی بێوەچانی بۆ کردووە و لە پێناویدا سەدان هەزار قوربانی داوە، بۆیە وەرزشکارانی کوردستانیش لەم رۆژە گرنگە پشتگیری رۆژی گشتپرسی و ریفراندۆم دەکەن لە کوردستان، لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان بۆچوونی بەشێك لە وەرزشکارانی وەرگرتووە.



بژان خۆشەوی یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق: بێگومان کەموکوڕی و قەیران بەردەوامن، بەڵام ئەوانە نابێتە هۆی ئەوەی بیرمان بچێت ریفراندۆم هەلێکی مێژووییە و گەورەترین ئاواتی دەوڵەتی کوردییە. من وەکو یاریزان و قوتابی و وەکو هەموو هاووڵاتییەك داوا دەکەم دەنگ بە بەڵێ بدەن بۆ ئەوەی ببین بە خاوەن دەوڵەت. دڵنیاین لە هێزی پێشمەرگە و دڵنیاین لە خۆڕاگریی گەل. خەونی منە بە ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە ئۆلۆمپیاد بکەم.




رامیار ئازاد یاریزانی یانەی (vfb lubeck)ی ئەڵمانی: من وەکو یاریزانێکی کورد دەمەوێت لە رۆژی ٩/٢٥ دەنگ بە بەڵێ بدەم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو هەموو وڵاتانی دیکە مافی سەربەستیی خۆمان هەبێت، لەو باوەڕەشدام ئەگەر ئیرادەیەکی یەکگرتووی سیاسی لە ناو سیاسەتی کوردا بە لەیەك تێگەیشتنی حزبەکان لەگەڵ یەکتری و تێکۆشانی جەماوەری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەرکەوتوو دەبین و هیچ هێز و وڵاتێکیش ناتوانێت ببێتە بەربەست. بە ئاواتی ئەوەم لە رێگەی دەوڵەتی کوردستانەوە فیفا دان بە یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەکەمدا بنێت، هەروەکو شاعیری بە ناوبانگ قانع دەڵێ:

به دەست خۆم نیە وەڵلا لە دیوانی خودا کوردم
لە ناو شێخ و بەگ و میر و مەلا و شاه و گەدا کوردم
تەماشای گەوهەری من کەی، دەزانی ئاشکرا کوردم
بە کوردی بووم و خولقاوم و هەتا ڕۆژی جەزا کوردم



مەتین ئیدریس یاریزانی وشووساندای یانەی پێشمەرگەی هەولێر: ئەم ریفراندۆمە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ بە خاوەن دەوڵەت بوونی کورد و هەر ئەم رێگایەش بەرەو سەربەخۆییمان دەبات. تاکە شت کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە رۆژی ریفراندۆم بکەینە رۆژی سەربەرزی نەتەوەییمان منیش وەکو یاریزانێك دەچمە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگ بە بەڵێ دەدەم بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ئێمەی وەرزشوانی کورد کە وەکو یاریزان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان بەشداری لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین، هەمیشە کێشەمان بۆ دروست دەکەن، کە نابێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان بڵند بکەین، گوایە ئێمە خاوەنی وڵات و دەوڵەت نین، بۆیە دەمەوێت بەشداری بکەم لە رۆژی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان تا منیش بڵێم وەکو هەموو گەلانی جیهان خاوەن خاك و وڵات و دەوڵەت و ئاڵای خۆمم و چیتر ناچار نەبم لە ژێر ئاڵای بێگانە یاری بکەم، بۆیە دەڵێم وەرزشکاران هەمووتان دەنگ بە بەڵێ بدەن.





**میران خەسرۆ یاریزانی یانەی شورتەی شاری بەغدا:** ئەو بڕیارەی کە سەرکردایەتیی کورد لە سەر ئەنجامدانی گشتپرسی داویەتی، بڕیارێکی مێژووییە و تەواوی گەلانی جیهانیش بە درێژایی مێژووی خۆیان لە مەشەقەتی زۆرەوە پێیگەیشتوون، یاخود لە چاوەڕوانی و هاندان بەردەوامن بۆی، کوردیش بە درێژایی مێژووی خۆی لە هەوڵدان بەردەوام بووە و لە ئێستادا دەبینین کە جەنابی سەرۆك بارزانی پرسەکەی کە زۆرێك لە سیاسەتوانان بە ناواقیعیان دادەنا، کردی بە ئەمری واقیع و ئێستا جیهان مشتومڕی لەسەر دەکات. ئەگەر چاو بە مێژووی باشووری کوردستاندا بخشێنین، دەبینین کە گەلی کوردی باشوور بە سەرکردایەتی باوکی نەمری کورد، بارزانیی نەمر، بەرپەرچی زۆریك لە شکەستهێنان بە شۆڕشی داوەتەوە و تەنانەت جارێکیش کۆڵدان نەبووەتە مەنهەجی کارەکەی و لە شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و سەر سەرخستنی پرسی سەربەخۆیی بەردەوام بووە. کوردی باشوور، کۆڕەوی لەیاد ناچێ، راپەڕینی مەزنی ساڵی ١٩٩١ی لەیاد ناچێ، برسییەتی و کوشتن و ئەنفال و کیمیابارانی لە سەر دەستی حکومەتی بەعسی عێراقی لەیاد ناچێ، ئەمانە پاڵنەرن بۆ بەهێزکردنی هۆکاری دەنگدان بە بەڵێ بۆ ریفراندۆم و دووبارەنەبوونەوەی رووداوەکانی رابردوو لە مێژووی کوردایەتی و کوردستاندا.



**ئاکار شێرزاد یاریزانی راکردنی ماوەدرێژ:** وەکو وەرزشکارێك دەنگ دەدەم بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بە سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستانیش شان بە شانی ئاڵای وڵاتانی تر بشەکێتەوە، هیواداریشم لە ئۆلۆمپیاد و پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان ناوی کوردستانیش وەکو وڵاتانی جیهان لە نێو وڵاتان بێت، بۆیە داوا لە هەموو وەرزشکاران دەکەم ئەو رۆژە بکەنە رۆژێکی پڕشنگداری مێژوویی و بیکەنە کەرنەڤاڵی سەرکەوتنی یەکجاری لە هەموو هەرێمی کوردستان.



**ئازاد حەمزە پاڵەوانی پاڵەوانانی یاری لەشجوانیی کوردستان:** وەکو پاڵەوانێکی کوردستان بە بەڵێ دەنگ بە ریفراندۆم دەدەم، ئەمە باشترین هەنگاوە بۆ یاریزانان و وەرزشکارانی کوردستان کەوا ریفراندۆم ببێتە باشترین هێڵ و بتوانین زۆر بە ئازادی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە نێو هەموو ئاڵاکانی جیهان بەرزبکەینەوە، جگە لەوەش کوردستان دەتوانێت راستەوخۆ لەهەموو یەکێتییەکانی جیهانی وەرزشی ئەندام بێت، ئەمەش وادەکات لە رێگای وەرزش زیاتر کوردستان بە جیهان بناسێنین، داوا لە هەموو لایەك دەکەم دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن.



**دیدار حامد گۆڵپارێزی یانەی هەولێر:**
وەکو وەرزشوانێکی کورد لەگەڵ پرۆسەی ریفراندۆمم و دەنگیشم بە (بەڵێ) یە، چونکە دوارۆژی کورد و ئایندەی تیمەی وەرزشوانان گەشتر و جوانتر دەکات، وەکو تاکێکی کورد زیاتر هیواو و ئارەزووم وایە وەکو هەموو وڵاتانی جیهان بەشدار بین لە بۆنە وەرزشییەکان و تا زیاتر کورد بە دنیا بناسێنین. هیوای من زیاتر ئەوەیە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ببێتە ئەندام لە فیفا، بۆیە داواکارم سەرجەم وەرزشکارانی کوردستان دەنگ بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن.